كوردستان

# سەرۆك وەزیرانی بەریتانیا لەسەر وێنەی منداڵە كوردەكە هاتە دەنگ

03/09/2015

سەرۆك وەزیرانی بەریتانیا دوای بلاوبونەوەی وێنەی تەرمی منداڵە كوردەكە، هاتە دەنگ و بڕیاریدا بەزووترین كات كار بۆچارەسەری كۆچبەرانی سوریا و وڵاتانی دیكە بكات.

دەیڤید كامیرۆن، سەرۆك وەزیرانی بەریتانیا، دوای بڵاوبونەوەی وێنەی تەرمی منداڵێكی كورد لە كەناراوەكانی دەریای ناوەڕاست لە توركیا، سەرەڕای خەمباری بە بارودۆخەكە و قەیرانی كۆچبەران بڕیاریداوە كێشەی پەنابەران چارەسەر بكەن و داوایەك ئاراستەی یەكێتی ئەوروپا بكات بۆ كۆتایهێنان بەو قەیرانە و باشكردنی ژیانی خەڵكی.

پێگەی ئێندیپێندێنتی بەریتانیا بڵاویكردەوە، كامیرۆن وەڵامی تراجیدیای وێنەی منداڵەكەی داوەتەوەو بە پێگەكەمانی راگەیاندوە كار دەكەن بۆ یارمەتی دانی پەنابەرانی سوریا و چارەسەركردنی كێشەكانیان.

دوای ئەوەی سەرۆك وەزیران وێنەی منداڵەكە دەبینێت، ناتوانێت بێدەنگ بێت و وەك ئەوەی پێگەكە بڵاویكردوەتەوە، پێشتر نەیان ویستوە وێنەی تەرمی منداڵەكە بڵاوبكەنەوە، بەڵام بۆئەوەی سەرۆك و بەرپرسانی وڵاتانی ئەوروپا بێنە دەنگ بەباشیان زانیوە وێنەكە لە پێگەكەیان دانێن.
لەیەكەم كاردانەوە و وەڵامدا سەرۆك وەزیرانی بەریتانیا هاتە دەنگ و بڕیاری گرنگ لەو بارەوە دەدات.

دوێنێ لە كەناراوەكانی دەریای ناوەڕاست لە توركیا، منداڵێكی كورد دەخنكێت و بەوێنەكەی جیهانی توشی شۆككرد.